# چەند سەرنجێک لە وتارەکەی ئیدریس ئەحمەدی

بەختیار کەریم

نووسەری بەڕێز ئیدریس ئەحمەدی لە وتارێکیدا کە لە سایتی دەنگەکان بڵاوبۆتەوە، سەرنج لە "ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران"[1] دەدات. ئێمە لێرەدا هەوڵ نادەین سەرنجەکانی ئیدریس ئەحمەدی بخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە سەرنجی لەو جۆرە کە توخمێکن لە پێشبینیی و ئایندەگەرایی، هەم دەربڕینیان قسە بەزۆران دانە و هەم ڕەخنەکردنیان کات بەفیرۆدانە. بەڵکو لێرەدا سەرنج لە چەند هەڵەیەکی تیۆریی زەق و گەورە دەدەین، کە نەدەبوو بەسەر ئیدریسدا تێپەڕبووبایە، چونکە وەک لەکۆتایی وتارەکەیدا، خۆیمان وەک کاندیدی دکتۆرا لە زانستە سیاسیەکان پێدەناسێنێت، گوایا تێزەکەشی بەدیاریکراوی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە سەبارەت بە عێراق و ئێران. لەڕاستیدا ئەم بابەتە بۆ ئێمە جێگەی بایەخ و خوێندنی بەردەوامن، بۆیە ڕێگەمان بەخۆماندا کە هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە بدەین، بەئومێدی ورژاندنی گفتۆگۆ لە بوارێکدا کە ئێمەی کورد زۆر هەژارین تێیدا. بەر لە هەموو شتێک ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاودەگرین، کە نووسینەکەی ئیدریس لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی ڕووت نییە لەبوارێکی دیاریکراودا، بەڵکو زیاتر نووسینێکی ڕۆژنامەوانییە، کە دەکرا بە پەناگرتن لە بەکارنەهێنانی هەندێک چەمک، یان لێکۆڵینەوە لەو چەمکانە زیاتر وەک لە پشت بەستن بە یادەوەریی، بەر بەو هەڵانە بگیرایە کە نووسەر تێیکەوتووە. بەڵام نووسین بەرپرسیارێتییە، بەر لەوەی کردارێکی ڕوناکبیریی یان ئەکادەمی بێت، بۆیە لە سۆنگەی ئەو بەرپرسیارێتیەوە چاوەڕێی وریایی زیاترمان لە نووسەرێک دەکرد کە کاری دانیشگایی و ئەکادەمیی دەکات. لەهەمان سۆنگەی بەرپرسیارێتیەوە بەرامبەر بە نووسین، لەوەش گرنگتر بەرامبەر بە خوێنەری کورد، هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە دەدەین کە ئێمە هەستمان پێکردوون.

ناونانی سەربەخۆ یان گروپەندیی گروپێکی دیاریکراو، بەدەر لەوەی کارێکی قەبەیە، تا ئەو جێگایە ڕەوایە کە ئەو ناوەی بەکاریدەهێنیت پێشتر بۆ پارادایمێک یان قوتابخانەیەکی هزریی بەکارنەهاتبێت. ئیدریس لە وتارەکەیدا دەڵێت:

> **ئەو ڕیالیستانەی کە لایەنگری ڕێبازی بۆشن، من بە نویَ-ڕیالیست ناوزەدیان دەکەم. هۆی ئەوەی کە من ئەمانە بە نویَ-ڕیالیست ناوزەد دەکەم و نە "نویَ-کۆنسێرڤاتیف" – کە بەوانە دەگووترێت کە لە حکومەتی بۆشدان و بە تیۆریسییەنی ڕێبازی بۆش دەناسرێن – ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوگەلێک وەک بۆ نموونە ڕابیرت لیبێر** (Robert Lieber) **کە سەر بە دیموکراتەکانە، لە زۆر ڕووەوە پشتیوانی ڕێبازی بۆشن.........**[2]

---

[1] بۆ بینینی وتارەکەی ئیدریس ئەحمەدی بڕوانە
http://www.dengekan.com/doc/2006/6/edrisAhmadei3.pdf

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە، 3.

وەک دەبینین لەم پەرەگرافەدا ئیدریس کۆمەڵێک لە تیۆریزان ناودەنێت نویٚ‌ڕیالیست تەنها لەبەرئەوەی لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو لایەنگری ڕێچکەی بۆشن (Bush doctrine)، کە ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ناویان بنێیت نویٚ‌ڕیالیست، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: نویٚ‌ڕیالیست وەرگێڕانێکی چەوتی دەستەواژەی (neo-realism)ە، پێشگری (neo) بەهیچ شێوەیەک بەواتای نویٚ (تازە) نایەت و ئەمە هەڵەیەکی تیۆری زەقە کە زۆربەی (بگرە هەموو) ئەو نووسینانەی بە کوردی نووسراون دووبارەیان کردۆتەوە، کە ئەمەش دەرئەنجامی شوینکەوتەیی نووسەرانی عەرەب و فارسە. ئێمە پێشتر لە وتارێکدا لەسەر کتێبەکەی فرانسیس فوکویاما هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەمان داوە، بۆیە لەپێناو دووبارەنەکردنەوە و دەستپێوەگرتن، لە خوێنەری ئازیز دەخوازین کە سەرنجێکی ئەو وتارە بدات[3]. لێرەدا ئەوەندە بەسە پێ لەسەر جیاوازی نێوان هەردوو پێشگری (neo) لەگەڵ (new) دابگرین، کاتێک یەکەم ئاماژەیە بۆ دابڕینێکی هزریی لە قوتابخانەیەکی هاوناوی خۆی و دووەم ئاماژەیە بۆ نوێکردنەوە و ژیانەوەی قوتابخانەیەکی هزریی دیارکراو، نەک دابڕان لێی. سەرەڕای ئەم جیاوازیکردنە، ناکرێت هەموو ئەوانەی هەریەک لەم پێشگرانەیان پێوەدەلکێنرێت ملکەچی ئەم یاسایە بکەین، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەو پارادایم یان قوتابخانە هزرییەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین پێناسەی بکەین. ئەم لێڵیی و ناڕۆشنییە لە بەکارهێنانی ئەم پێشگرانەدا بەتایبەتیی پێشگری (neo)، وای کردوە کە زۆر کەس تووشی ئەم تێکەڵکردنە ببن و تەنانەت وەک (نویٚ) وەریبگێڕن، بەڵام ڕەوایە کە (نیۆ) بەکاربهێنین لەجیاتی وەرگێڕانێک کە تووشی هەڵەتێگەشتنمان دەکات.

دووەم: نیۆ-ڕیالیزم (نەک نویٚ‌ڕیالیزم)، قوتابخانەیەکی هزریی ناسراوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە هەندێک جار وەک ڕیالیزمی بونیادگەرا (structural realism) ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەم قوتابخانەیە جیابوونەیە لە ڕیالیزمی کلاسیک، ئەگەرچی هەندێک ڕایان وایە کە تا ئەندازەیەکیش درێژکراوەی هەمان قوتابخانەیە. ڕیالیزمی کلاسیک وەک تیۆری بنەڕەتیی و کاریگەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لەسەر ئەو گریمانە هۆبزیە بنیاتنرا کە جیهانی دەرەوەی "دەوڵەتی سەروەر"ی بە "دۆخی سروشتی" دەچواند. لە تێپەڕاندنی سنورەکانی دەوڵەتی سەروەر و خاوەن یاسا و نورمدا ئێمە بەر جیهانێک دەکەوین کە نە فەرمانڕەوای هەیە و نە یاسا، بەواتایەکی تر سەروەریی نییە، چونکە سەروەریی لە تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی مودێرنە. ئەو دۆخەی لە دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەتاندا باڵادەستە دۆخێکی 'ئەنارکی'یە، 'شەڕی گشت دژی گشت' ئامادەگیەکی بەردەوامی هەیە و ئەوەی هەندێک بە ئاشتی ناوی دەبەن، هیچ نیە جگە لە ئائامەدەگیی کاتیی جەنگ. نیۆ-ڕیالیستەکان کۆکن لەسەر کاریگەریی ئەم دۆخە ئەنارکییە لەئاستی نێودەوڵەتییدا کە حکومەت و دەزگای یاسادانەر

---

[3] بۆ خوێنەوەی وتارەکەی ئێمە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/4/baxtyarKArim25.pdf

بوونی نییە، بەڵام هاوکات ئەو بونیادانە لەبەرچاودەگرن کە دەوڵەتان لەچوارچێوەیاندا سیاسەت دەکەن و پەیوەندی نێوانیان ڕێکدەخەن. ئێمە تەنها ناساندنێکی کورتی نیۆ-ڕیالیزممان پێشکەشکرد، کە دەکرێت بە چەندین شێوەی دیکە لێیبڕوانرێت، چونکە ئەم قوتابخانەیە کە چەند دەیەیەکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کاریگەریی هەیە، ناکرێت ئێمە هەروا ڕاگوزەر، بتوانین هەموو ڕەهەند و لایەنە تیۆرییەکانی بەسەربکەینەوە، ئەوە کارێکی ڕاڤەکاریی دورودرێژ دەخوازێت کە لە دەرەوەی توانای ئەم وتارە کورتەدایە.

لەبەرئەو دوو هۆیەی ئاماژەمان پێدان، ناکرێت دەستەواژەی نیۆ-ڕیالیزم بۆ شتێکی دیکە بەکاربێت، چونکە ئەوە خوێنەر تووشی هەڵەتێگەیشتن دەکات، هاوکات پێچەوانەی کاری ئەکادەمیە و پێشلێکردنی ئەو بەرپرسیارێتیەیە کە لیکۆڵەر لە ئەستۆیدایە. بەکارهێنانی نیۆ-ڕیالیزم لەلایەن ئیدریس ئەحمەدیەوە بۆ کۆمەڵێک دیمۆکرات کە گوایا لایەنگری هەندێک لە سیاسەتەکانی بوش دەکەن، وەک ناونانی ئەو فاشیستانەیە، کە باس لە دادوەریی کۆمەڵایەتیی و مافی کرێکار دەکەن بۆ ئەندامانی ڕەچەڵەکەکەی خۆیان، بە کۆمۆیونیست.

خاڵێکی دیکەی هاوشێوە لەسەر نیۆ-کۆنسێرڤەتیڤەکان (نەک نوێ-کۆنسێرڤەتیڤ)، ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەوانەی لە حکومەتی بۆشدان نیۆ-کۆنسێرڤەتیڤ بن، بۆ نمونە کۆندۆلیزا ڕایس خۆی بە ڕیالیست ناوزەند دەکات. هاوکاتیش نیۆ-کۆنسێرڤەتیڤ تەنها بەوانە ناگوترێت کە تیۆریزانی ڕێچکەی بۆشن، ئەمە ئەگەرچی دەشێت ڕاست بێت، بەڵام گرنگە ئەوە لەبیرنەکەین کە نیۆ-کۆنسێرڤەتیزم پارادایمێکی کۆنە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش و پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دووبارە پێمان باشە ئاماژە بەهەمان وتار بدەین کە لەوێدا بەدرێژی لەسەر ئەم پارادایمە دواوین[4]. لەبەرئەوە هەڵەیەکی تیۆریی و مێژووییە کە بزوتنەوەی نیۆ-کۆنسێرڤەتیزم لە بەڕێوەبەرێتی بۆشدا کورتبکەینەوە.

دواجار پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە چۆن دەکرێت نووسەر لێکۆڵینەوەیەکی لەو جۆرە بکات بەبێ ئاماژەدان بەو سەرچاوانەی کە سوودی لێوەرگرتوون، چونکە لە هیچ زانکۆیەک ڕێگە بە تێپەڕبوونی خوێنساردیی لەو جۆرە نادرێت. دەکرێت لە چاوپێکەوتنێکدا نووسەر ئاماژە بە کەسێکی دیکە بدات بەبێ ناساندنی سەرچاوە، بەڵام لەکاری ئەکادەمییدا ئەوە شتێک نییە شایانی بیرلێکردنەوە بێت. تەنانەت لە سیمیناریشدا کە بابەتی ڕاڤەکاری پێشکەش دەکرێت، نووسەر بەردەوام ئاماژە بەو سەرچاوانە دەدات کە سوودی لێوەرگرتوون، دواتریش ئەگەر بابەتەکە بڵاوبووەوە، ئەو سەرچاوانە دەنووسرێن. لە کۆتاییدا ئێمە خوازیارین کە خوێندکار و ڕاڤەکارانی کورد، هەمان ئەو ستانداردەی لە زانکۆ پەیڕەوی دەکەن لە نووسینەکانی دیکەشیاندا پەیڕەوی بکەن، بۆئەوەی بتوانرێت گفتوگۆ لەنێوان نووسەراندا دروست ببێت. وەک دەبینین بەشێکی گرنگی هزریی خۆرئاوا لەڕێگای گفتوگۆوە گەشەی کردوە.

---

[4] بڕوانە پێڕستی ژمارە سێ